# به (سودۆکو) مێشکت چالاکتر بکە!




ئامادەکردنی: محمد محمود ڕەشید

# بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی:

یاری سودۆکو یاریەکی مەتەڵ و لۆژیکی پڕ سوود و سادە و بەچێژە و کۆمەڵێکی زۆر و کاریگەر سوودی هەیە بەتایبەت بۆ مێشک، کەدواتر باسیان لێوە ئەکەین، ئەم یاریە ناوبانگێکی زۆری هەیە لەوڵاتانی پێشکەوتوو، ڕەنگە هیچ ڕۆژنامەیەک دەرنەچێت ئیللا چەند دانەیەک لەم جۆرە مەتەڵانەی تێدابێت، بەڵام ئەوەی وای لە من کرد کە کتێبێکی سادە لەسەر سودۆکو بنووسم ئەوە بوو کە لەناو کوردا هیچ باس و خواسێک نیە لەسەری ڕەنگە زۆرینە لێی بێئاگا بن، بەوپێیەی کە هەندێک جار خەریکی ئەم جۆرە یارییانە ئەبم و سوودم لێ بینیوە بۆیە حەزم کرد هاوبەشی پێ بکەم لەگەڵ نەوەکانی گەلەکەم و پێیان بناسێنم و هیچ هاوزمانێکی خۆم لەم یاریە بێبەش نەبن و ئەوانیش وەک وڵاتانی تر هەر هیچ نەبێ زانیاریەکی سەرەتاییان هەبێت لەسەری و بتوانن سوودی لێ ببینن، ڕەنگە سەرەتا وابزانیت یاریەکی ووشک و بێتامە بەهۆی بوونی ژمارە و شیکارکردنەوە ، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم کتێبە و تەواوکردنی، پێچەوانەی ئەوەت بۆ دەرەکەوێت و فێر ئەبیت کە چۆن مەتەڵێکی سودۆکو شیکار بکەیت و چێژی لێ ببینیت لەهەمان کات، بەو هیوایەی کە سوودێک بگەیەنم بەم هۆی ئەم کتێبەوە.

محمد محمود ڕەشید
٢٠٢٤/١/٢٤

## سودۆکو چییە و یاساکانی ئەم یارییە چین؟

سودۆکو یارییەکی مەتەڵی بەناوبانگی لۆژیکی ژمارەیە، یاساکانی زۆر سادەن، تەنانەت کەسانی ئاست سەرەتاییش دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئاستە سادەکانی یارییەکەدا بکەن ، سودۆکو، یان سو-دۆکو، یارییەکی بەچێژ و خۆشی ژاپۆنییە لەسەر بنەمای ژمارە، پێویستی بە هیچ هاوکێشە و توانایەکی بیرکارییانە نییە، هەر بۆیە ئەم یارییە زۆر بەناوبانگە، تەنها پێویستت بە فێربوونی یاساکانی یارییەکەیە و دەتوانیت لە کاتی بەتاڵی خۆتدا دەست بە یاریکردن بکەیت، سودۆکو ئەو ئەقڵ و لۆژیکە هان دەدات کە لە هەمووماندا هەیە، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە یاریکردنی سودۆکو یادەوەری بەهێز دەکات و دەروون ڕێکدەخات و ڕێگری لە تووشبوون بە نەخۆشییەکان مێشک دەگرێت وەک ئەلزهایمەر ! هەر لەبەر ئەمەشە هەندێک لە زانایان و توێژەران ئامۆژگاری دەدەن بە کردنی یاری سودۆکو وەک بەشێک لە ئەرکەکانی ژیانی ڕۆژانە.

## سوودکانەی یاری سودۆکو:

١.بیرکردنەوەی لۆژیکی: سودۆکو پەرە بە بیرکردنەوەی لۆژیکی دەدات، چونکە یارییەکی بیرکاری نییە و بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە هیچ کارامەیییەکی ژمێریاری نییە، بەڵام پێویستی بە بیرکردنەوەی لۆژیکی هەیە، وە کاتێک ژمارەکان بە دروستی ڕێکبخەیت، توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیت باشتر دەبێت.

٢.باشترکردنی یادگە و بیرەوەری: یاری سودۆکو یادگە و بیرەوەری باشتر دەکات، بەو پێیەی کە بیرکردنەوەی لۆژیکی و یادگە لەسەر هەمان ڕێگا دەڕۆن، و لەگەڵ باشتربوونی بیرکردنەوەی لۆژیکیت، دەست دەکەیت بە بیرکەوتنەوەی ستراتیژییە گونجاوەکان بۆ یاریکردن و بیرت دێتەوە کە لە یارییەکانی پێشووی سودۆکودا چی ڕێگایەک بۆت سوودی هەبووە و مەتەڵەکەت پێ شیکار کردوە، وە

دەتوانیت ئەم شێوازە بەكاربهێنیت بۆ بیرهێنانەوەی شتەكان لە بوارەكانی تری ژیاندا.

٣.یاری سودۆكو كاریگەرییە نەرێنییەكانی نەخۆشی ئەلزەهایمەر خاو دەكاتەوە: هەرچەندە هیچ شتێک نییە بتوانێت لە نەخۆشی ئەلزەهایمەر بتپارێزێت، بەڵام هەندێک شت هەیە كە مرۆڤ دەتوانێت بیكات بۆ خاوكردنەوەی پرۆسەی لەدەستدانی بیرەوەری، وەک یاریكردنی سودۆكو چونكە ڕاهێنان بە یادگە دەكات.

٤.پەرەپێدانی تواناكانی بیركردنەوەی خێرا: یاری سودۆكو یارمەتی پەرەپێدانی تواناكانی بیركردنەوەی خێرا دەدات، بەو پێیەی كاردەكات بۆ ڕێكخستنی بیركردنەوەكانت چونكە مێشک داگیردەكات بەدرێژایی پرۆسەی شیكاركردنی مەتەڵەكە، هەروەها یارمەتی فێركردنی مێشک دەدات كە خێراتر بیربكاتەوە و پەرە بە تواناكانی بیركردنەوەی خێرا بدات.

٥.باشتركردنی كۆبیر (تەركیز): سودۆكو یارمەتی باشتركردنی تەركیز دەدات، چونكە پێویستی بە تەركیزێكی زۆر هەیە لەكاتی شیكاركردنیدا، وە ناتوانیت شیكاری بكەیت ئەگەر شتێک لە دەوروبەرت هەبێت سەرقاڵت بكات، دوای ئەوە دەتوانیت لێهاتوویی تەركیزكردن لە بوارەكانی تری ژیاندا بەكاربهێنیت .

٦.هەستكردن بە بەدەستهێنان و دەستكەوت: لە كاتی چارەسەركردنی مەتەڵێكی سودۆكوداهەست بە بەدەستهێنانی دەستكەوت ئەكەیت، چونكە تەواوكردنی هەر مەتەڵێكی قورس بە دەستكەوت دادەنرێت، هەروەها هەستكردن بە ئەنجامدان و بەئەنجام گەیشتن یەكەم توخمە كە وا لە مرۆڤ دەكات هەست بە پاڵنەر و ئەرێنی بكات.

٧.كەمكردنەوەی هەستی سترێس بوون و دڵەڕاوكێ: سودۆكو یارمەتیت دەدات هەستكردن بە نائارامی و سترێس و دڵەڕاوكێ كەم بكەیتەوە، چونكە كاردەكات

بۆ هێورکردنەوەی دەروون و یارمەتیت دەدات هەست بە هاوسەنگی و ئارامی بکەیتەوە.

٨.هەڵهاتن لە واقیع: سودۆکو بە ڕێگەیەکی تەندروست دادەنرێت بۆ دەربازبوون لە واقیع، بەو پێیەی دەتوانیت بۆ ماوەیەک نیگەرانییەکان و فشارەکانی ژیانت بەجێبهێڵیت و سەرنجت لەسەر یارییەکی سودۆکو بێت، ئەمەش هەڵهاتنێکی بەسوودت بۆ دابین ئەکات کە یارمەتیت دەدات  پێش ئەوەی ڕووبەڕووی سترێس و کێشەکانت ببیتەوە.

٩.کەمکردنەوەی بیرکردنەوەی زۆر: یاری سودۆکو بیرکردنەوەی زۆر و زیاد لەپێویست کەمدەکاتەوە، چونکە وا دەکات سەرنجت لەسەری بێت و دوور بکەویتەوە لە بیرکردنەوەی زیادە.

١٠.پڕکردنەوەی کات بە شێوەیەکی تەندروست: سودۆکو بە یەکێک لەو شتە تەندروستانە دادەنرێت کە دەتوانێت کاتەکانت پڕبکاتەوە، بەو پێیەی زۆربەی خەڵکی هەڵدەبژێرن کات بەسەر بەرن بە شێوازی ناتەندروست وەک زیادەڕۆیی لە خواردن، قسە و باس، یان غەیبەت کردنی ئەم و ئەو و گەڕان بەناو سۆشیال میدیا، بۆیە سودۆکو بە چالاکیەکی باش دادەنرێت چونکە سەرقاڵت دەکات وە توانای دەروونیت لە هەمان کاتدا باشتر دەبێت.

١١.چێژ وەرگرتن لە کاتە خێزانیەکان: سودۆکو بۆ هەموو ئەندامانی خێزان بەچێژە، دەتوانیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت یاری پێبکەیت و پاڵەوانێتی خێزانی دروست بکەیت بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەسەر شیکارکردنی مەتەڵی سودۆکو و سەرکەوتن بکەیت، هەروەها دەفتەرێکی شیکارکردنی سودۆکو دیارییەکی گەورەی خێزانییە.[1]

تێبینی[1]: بێگومان لەزۆربەی وڵاتان دەفتەری تایبەت بە مەتەڵی سودۆکو هەیە و وە لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو ئەکرێتەوە بەڵام ڕەنگە ئەوە لای خۆمان نەبێت، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ئەنجامدانی ئەم یاریە بۆ ئێمە بریتیە لە بەکارهێنانی ئەو بەرنامانەی بۆ ئەم یاریە دروستکراون و لەکۆتاییدا هەنێ لە باشترینەکان پێشنیار ئەکەم لە لاپەڕە ٢٢، لەڕاستیدا بەم جۆرە ئاسانترە کە ئەم یاریە بە بەرنامە و ئەپ بکرێت نەک لەسەر کاغەز و دەفتەر بەتایبەت بۆ نووسینی تێبینیەکانی شیکارکردن کە دواتر باسی ئەکەین.

## چۆن یاری سودۆکو بکەین؟

سەرەتا یاریەکە پێکهاتوە لە چوارگۆشەیەکی گەورەی نۆ بە نۆ ٩x٩ ، (واتە ٩ ڕیز و ٩ ستوون)، ئەم چوارۆگۆشەیە ٩ چوارگۆشەی بچوکتری تێدایە بە (بۆکس) ناوی ئەهێنین کە ٣x٣یە و هەریەکەیان ٩ خانەی بچووکی تێدایە، ئامانجی یارییەکەش بریتییە لە پڕکردنەوەی مەتەڵەکە بە ژمارە لە نێوان ١ بۆ ٩ بەڵام نابێت هیچ ژمارەیەک لە یەک جار زیاتر دەربکەوێت و دووبارە ببێتەوە (لە هیچ ڕیزێک، ستوونێک، یان بۆکسێک دا)، (بۆکسەکانیش وەک ووتمان چوارگۆشە ٣×٣کانن و بە هێڵێکی ئەستوور نیشانە کراون)، هەر مەتەڵێکی سودۆکو ٩ ڕیز و ٩ ستوون و ٩ بۆکسی هەیە.



کاتێک دەست دەکەیت بە شیکارکردنی مەتەڵێکی سودۆکو بەشێکی پێشوەختە پڕ کراوەتەوە بە ژمارە، ئەم ژمارانە کەدانراون ڕێنماییین بۆ تۆ تابتوانیت بە بەکارهێنانی ئەو ئامۆژانە و بەپێی یاساکان باقی ژمارەکانی تر و مەتەڵەکە تەواو بکەیت.

ئاسانترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی مەتەڵێکی سودۆکو ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ڕێک و دوابەدوای یەک کاربکەیت، بۆ نموونە لە ژمارە 1ـەوە دەست پێ بکە و بەدوای ١ـە ونبووەکانی تردا بگەڕێ، دەبێ تۆ بزانیت کە هەریەک لە ٩ بۆکسەکە ئەبێ ژمارە ١ـی خۆی هەبێت ، ئەمەش واتا هەر هێڵێکی ئاسۆیی و ستوونی ١ـی خۆی هەیە (بەبێ دووبارە بوونەوە)، پاشان بەپێی یاساکان بزانە لەکوێدا دەتوانرێت دەربکەوێت و ئاگاداری ئەوەبیت  کە لەو بۆکسەی ژمارە ١ـی تێدایە نابێ هیچ ١ـێکی تر هەبێت و لەسەر هەمان هێڵی ستوون و ئاسۆش بەهەمان شێوە دووبارە نەبێت ، کاتێک خانەیەکی بەتاڵت دۆزیەوە کە پێویستە ئەم ژمارەیەی لێی دەربکەوێت بینووسە،  و دواتر برۆ بەرەو پێشەوە و بەدوای ناوچەیەکی تردا بگەڕێ کە ئەم ژمارەیە تێیدا نەماوە و هەوڵبدە بزانیت ئایا دەتوانیت شوێنی ورد و ١٠٠٪ بدۆزیتەوە کە پێویستە ئەم ژمارەیە لێی دەربکەوێت و هتد.

کاتێک بە هەموو ئەو بوارانەدا تێپەڕیت کە لەوانەیە ئەم ژمارەیە تێیدا دەربکەوێت، بە ڕێکوپێکی بچۆ بۆ ژمارەی داهاتوو و تەواوی ئەو پرۆسەیە دووبارە بکەرەوە کە بۆ ژمارەی یەکەم کردووتە،  ئێمە بە 1 دەستمان پێکرد، بۆیە ژمارەی داهاتوومان دەبێتە 2، پاشان 3، 4، 5، تاوەکو دەگەینە 9، ئاساییە ئەگەر بەهەڕەمەکیش دەستپێبکەیت بۆ زۆربەی مەتەڵەکان بەڵام بەم شێوەیە ئاسانترە.

تکایە ئاگاداربە هەندێ کات هەیە کە شوێنێکی ورد بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو نادۆزیتەوە،  خەمت نەبێت، ئەمەش بەشێکە لە یارییەکە، دەتوانیت لە دۆخی تێبینیدا (کە دواتر باسی ئەکەین) بۆ خۆت بینووسیت یان بە سادەیی بچیتە ناوچە یان ژمارەی دواتر.

هەندێک جار دەگەیتە خاڵێک کە لە هێڵێکی ستوونی یان ئاسۆییدا یان لەناو بۆکسێکدا تەنها یەک خانە بەتاڵە و پڕ نەکراوەتەوە و دیاریش نیە کە چیە ئەو ژمارەیە، بەڵام شیکارکردنی ئەم کێشەیە لەهەموویان ئاسانترە،   تەنها پێویستە بەناو هەموو ژمارەکاندا بگەڕێیت لە ١ تا ٩ بژمێریت و بزانیت کە کامە ژمارە لەو

نێوەندەدا دیار نیە، کاتێک ژمارە ونبووەکەت دۆزیەوە، ئەمە ئەو ژمارەیەیە کە پێویستە لە خانە بەتاڵەکەدا بینووسیت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەپێی یاساکانی سودۆکو هەموو ژمارەیەک دەبێت لە هەموو ڕیزێک، ستوونێک، یان بۆکسێکدا دەربکەوێت، کاتێک تەواوی خانەکانی مەتەڵەکەت پڕکردەوە بەبێ هیچ هەڵەیەک، ئەوا تۆ مەتەڵێکی سودۆکوت بە سەرکەوتوویی شیکار کردووە.

## ياسا بنەڕەتییەکانی سودۆکو بەکورتی چین؟


1. تۆڕی سودۆکو لە چوارگۆشەیەکی ٩x٩ پێکدێت
2. تەنها دەتوانیت ژمارەکانی ١ تا ٩ بەکاربهێنیت
3. هەر بۆکسێکی ٣ x ٣ تەنها دەبێت ژمارەکانی ١ تا ٩ لەخۆبگرێت
4. هەر ستوونێکی ڕاست دەبێت تەنها ژمارەکانی ١ تا ٩ لەخۆبگرێت
5. هەر ڕیزێکی ئاسۆیی دەبێت تەنها ژمارەکانی ١ تا ٩ لەخۆبگرێت
6. هەر ژمارەیەک لە بۆکسێکی ٣x٣، ستوونی ڕاست، یان ڕیزێکی ئاسۆیی تەنها جارێک دەتوانرێت بەکاربهێنرێت
7. یارییەکە کاتێک کۆتایی دێت کە تەواوی تۆڕی سودۆکوەکە بە دروستی پڕ بکرێتەوە لە ژمارەکان

لە بەشی دواتر بە وردی و بەباشتر فێر ئەبیت کە چۆن سودۆکویەک شیکار بکەیت.

## هەندێک لە ستراتیجی و تەکنیکەکانی شیکارکردنی سودۆکو:

### ١.تەکنیکی (دوایین خانەی بەتاڵ):

"دوایین خانەی بەتاڵ" تەکنیکێکی بنەڕەتییە بۆ شیکارکردنی سودۆکو، زۆر سادەیە و لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە لە هەر بۆکسێکی ٣×٣دا یان لە هەر ستوونێکی ڕاست یان ڕیزێکی ئاسۆیی لە چوارگۆشەکانی سودۆکودا دەبێت ژمارەکانی ١ تا ٩ لەخۆبگرێت و هەر ژمارەیەک لە هەر بۆکسێکی ٣×٣ یان لە هەر ستوونێک یان ڕیزێکی ئاسۆییدا تەنها جارێک بەکاربهێنرێت ، کەواتە ئەگەر بینیتان تەنها یەک خانەی بەتاڵ ماوە لە (بۆکسێکی 3x3، ستوونێک یان ڕیزێکی ئاسۆیی)دا ئەوا پێویستە هەر ژمارەیەک لە ١ تا ٩ کە نەماوە هەڵیبژێرین و لەم خانە بەتاڵەدا دایبنێین، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:






ئەمە یاسای سەرەکییە، کاتێک فێری بوویت، دەتوانیت بچیتە سەر ستراتیژی و تەکنیکەکانی تر.

## ٢.تەکنیکی (دوایین خانەی ماوە) :

“دوایین خانەی ماوە” ستراتیژییەکی تری بنەڕەتی سودۆکویە لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە نابێت ژمارەکان لەناو بۆکسێکی ٣×٣ و ستوونێک و ڕیزێکی ئاسۆیی دووبارە بکرێنەوە.

با سەیری نموونەیەک بکەین لە بۆکسێکی ٣x٣دا، بە نموونە ئەبێ لە هەر بۆکس و ڕیز و ستوونێکدا ٨ هەبێت، لەم ستوون و ڕیزەدا کەدیاریکراوە پێشتر ٨ دانراوە یان دۆزراوەتەوە، وەک دەزانین نابێت ژمارەکان دووبارە بکەینەوە، بۆیە ناتوانین جارێکی تر ژمارە ٨ دابنێین لەسەر هیچکامیان، واتە تەنها یەک خانە لەناو بۆکسەکەدا ماوە و کە دەبێت ژمارە ٨ لەخۆ بگرێت.









هەمان تەکنیک بۆ ڕیز و ستوونیش دەگونجێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت تەکنی "دویین خانەی ماوە" لە کاتی شیکارکردنی سودۆکودا بەکاربهێنرێت، کاتێک فێری بوویت، دەتوانیت بچیتە سەر تەکنیکەکانی دواتر.

## ٣.تەکنیکی (دواین ژمارەی ئەگەری):

دوا ژمارەی ئەگەری ستراتیژیەکی سادەیە بۆ کەسانی ئاست سەرەتایی، لەسەر بنەمای دۆزینەوەی ژمارەی نادیار بنیادنراوە، بۆ دۆزینەوەی ژمارەی نادیار دەبێت سەیری ئەو ژمارانە بکەیت کە پێشتر هەن و دۆزراونەتەوە لە بۆکسێکی 3x3 و ئەو ڕیز و ستوونانەش کە پەیوەستن بەو بۆکسەوە.

با سەیری نموونەیەک بکەین:








سەرنجی خانەی دیاریکراو بدە، سەیری ژمارەکانی ناو بۆکس و ڕیز و ستوونی پەیوەست بەو خانەیەوە بکە، دەتوانین ببینین کە ژمارەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ٩ پێشتر لەم ڕیز و ستوون و بۆکسەدا هەن و دۆزراونەتەوە.
تاکە ژمارە کە دیار نیە بریتیە لە (٥) لەبەر ئەوەی ژمارەکان نابێت دووبارە ببنەوە تاکە ژمارە کە پێویستە لەم خانەیەدا بێت ٥ـە.

تەکنیکی "دواین ژمارەی ئەگەری" بەم شێوەیە کاردەکات، کاتێک شارەزا بوویت، دەست دەکەیت بە شیکارکردنی سودۆکو بە ئاسانی و خێراتر!

## ٤.نووسینی تێبینی لە سودۆکو:

ئەگەر خۆت بینیەوە لە شیکارکردنی پەزڵێکی سودۆکودا گیرت خواردووە و چارەسەری ڕوون بۆ خانەکان نابینیت ئەوا پێویستە تێبینی بەکاربهێنیت، بە یارمەتی تێبینی دەتوانیت هەموو بژاردە ئەگەرییەکان بۆ هەر خانەیەکی بەتاڵ پڕبکەیتەوە لەگەڵ سەرنجدانت لەو ژمارانەی کە پێشتر لە چوارگۆشەکانی سودۆکودا هەن.






زۆر گرنگە تێبینی بە دروستی پڕبکەیتەوە، چونکە ئەگەر هەڵەیەک بکەیت شیکارکردنی سودۆکو قورستر دەبێت و کاتی زیاتر دەخایەنێت، کاتێک بە تێبینی ئەو ژمارانە ئەنووسیت کە ئەگەریان هەیە ڕاستبێت ئاسانتر تێدەگەیت کە کام ژمارە داخڵ بکەیت و لە کوێی دابنێیت، هەروەها زۆرێک لە تەکنیکە پێشکەوتووەکانی شیکارکردنی سودۆکو پشت بە بەکارهێنانی تێبینی دەبەستن.[2]

تێبینی[2]: ژمارە بچووکەکان بریتین لەو تێبینیانەی کە خۆمان نووسیومانە و ئەو ژمارانەن کە ئەگەریان هەیە ڕاست بن.

## ٥.تەکنیکی (یەک ژمارە ئاشکراکە):

ئەم ستراتیژیە بەندە بە نووسینی تێبینی بە دروستی، بابەتەکە لێرەدا ئەوەیە کە لە خانەیەکی دیاریکراودا تەنها یەک ژمارە ماوە ئەگەری ئەوەی هەبێت کە ڕاست بێت بۆ ئەو خانەیە بەپێی (تێبینیەکان کە نووسیوتە).
بە نموونە با سەیری ئەم حاڵەتە بکەین:






سەیری خانەی دیاریکراو بکە، دەتوانین بزانین کە تەنها بە یەک تێبینی پڕکراوەتەوە ئەویش ژمارە ٢ـە، واتە ئەم خانەیە تەنها یەک شیکاری هەیە، بەو پێیەی تاکە بژاردەی بەردەستە، چارەسەری ئەم خانەیە دەبێت ٢بێت، بۆیە تێبینیەکە لەم خانەیە دەسڕینەوە و بە ٢ پڕی دەکەینەوە.

تەکنیکی "یەک ژمارە ئاشکراکە" بەم شێوەیە کاردەکات. وەک دەبینین ئەمە ئەوەندەش قورس نیە، بۆیە ئەگەر تەکنیکی "یەک ژمارە ئاشکراکە" بەکاربهێنیت، پرۆسەی شیکراکردنی سودۆکو ئاسانتر و خێراتر دەبێت!

## ٦.تەکنیکی (دوو ژمارەی ئاشکرا):


هاوشێوەی تەکنیکی "یەک ژمارە ئاشکراکە"، تەکنیکی "دوو ژمارەی ئاشکرا"ش پەیوەستە بە دانانی دروستی تێبینیەکانەوە، دەبێت دوو خانە بدۆزیتەوە کە هەمان جووتە ژمارەی بە تێبینی تێدا نووسرابێت لە بۆکسێکی 3x3دا، ئەمەش واتە ئەم جووتە ژمارەی تێبینیە ناتوانرێت لە خانەکانی تردا لەناو ئەم بۆکسە 3x3ەدا بەکاربهێنرێن، بۆیە ئەتوانیت لە تێبینیەکاندا لایانبەیت، تێگەیشتن لەم ستراتیژیە ئاسانتر ئەبێت ئەگەر سەیری نموونەکە بکەیت:




با سەیرێکی ئەم حاڵەتە بکەین، کۆمەڵێک خانەی بەتاڵ دەبینین کە پڕن لە تێبینی ئەو ژمارانەی ئەگەریان هەیە ڕاستبن ، لە نێوانیاندا دوو خانە هەیە کە هەردووکیان تەنها ٧ و ٩ یان تێدایە (بەڕەنگی شین نووسراون)، ئەمەش واتە یەکێک لەم دوو خانەیە دەبێت ٧ بێت و ئەوی تریان ئەبێ ٩ بێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە ناتوانین لە خانەکانی تری ئەم بۆکسەدا ٧ و ٩ بەکاربهێنینەوە، بۆیە لە تێبینی خانەکانی تردا دەیانسڕینەوە (ڕەنگ سورەکان)، پاشان یاسای "یەک ژمارە ئاشکراکە" کە لە وانەی پێشوو فێری بووین بەکاردەهێنین و لەو خانەیەی کە تەنها ٦ بەتێبینی نووسراوە بە ٦ پڕی دەکەینەوە و خانەکەی تریش بە ٤.

## ٧.تەکنیکی (سێ ژمارەی ئاشکرا):

ئەم تەکنیکەی چارەسەرکردنی سودۆکو لەسەر بنەمای تەکنیکەکەی پێشووە (دوو ژمارەی ئاشکرا)، بەڵام تەکنیکی "سێ ژمارەی ئاشکرا" پشت بە دوو ژمارە نابەستێت، بەڵکو وەک لەناوەکەی دیارە پشت بە ٣ ژمارە ئەبەستێت، ئەمە تاکە جیاوازییە، بۆ ئەوەی باشتر لەم بابەتە تێبگەین، با سەیری نموونەیەک بکەین:




سەیری بۆکسی سەرەوەی چەپ بکەن، لە سێ خانەی خوارەوە بەتێبینی ٥ و ٨ ، ١ و ٨ ، ١ و ٥ نووسراون، ئەمەش واتە ئەم خانانە ژمارەکانی (٥ و ١ و ٨) لەخۆدەگرن بەڵام هێشتا بە تەواوی نازانین هەر ژمارەیەک بۆ کام خانەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە ١ و ٥ و ٨ ناکرێت لە خانەکانی تری ئەم بۆکسەدا بەکاربهێنرێن، بۆیە دەتوانین لە تێبینی خانەکانی تردا بیانسڕینەوە.




بەم شێوەیە دەتوانرێت تەکنیکەکەی "سێ ژمارەی ئاشکرا" لە کاتی شیکارکردنی سودۆکودا بەکاربهێنرێت.

## ٨.تەکنیکی (یەک ژمارەی شاراوە):

ئەمە تەکنیکێکی زۆر سادەی سودۆکوە، ئامانجەکەی ئەوەیە کە هەر ژمارەیەک بەتەنها و تاکە بژاردە بێت لە تێبینیەکاندا لە ڕیز و ستوون یان بۆکسێکی ٣x٣دا و تەنها خۆی لەیەک خانەدا نووسرابێت بەتێبینی ئەوا ژمارەی دروستی ئەو خانەیە هەر بریتی ئەبێت لەو ژمارەیە ، بەڵام ئەم تەکنیکە پێویستی بە ووردبینی و تەرکیزێکی زۆر هەیە لەلایەن یاریزانەوە چونکە تێبینی یەک ژمارەی شاراوە ئەکرێ زۆر قورس بێت بۆ دۆزینەوەی، تێگەیشتن لەم تەکنیکە ئاسانتر دەبێت ئەگەر سەیری نموونەکە بکەین:



با سەیری ئەم بۆکسی ٣x٣یە بکەین لەگەڵ تێبینیەکانی، تەنها یەک خانە هەیە کە ڕەنگە ژمارە ١ لەخۆ بگرێت، ئەویش خانەکەی سەرەوەی لای ڕاستە، هیچ خانەیەکی تر لەم بۆکسەدا نییە کە ١ بە تێبینی تێدا نووسرابێت،




بۆیە دەتوانین هەموو تێبینیەکانی تر لەم خانەیە بسڕینەوە و لە جێی ئەوان ژمارە ١ دابنێین چونکە تاکە بژاردەی ڕاستە.

ئەمە تەکنیکی "یەک ژمارەی شاراوەیە"، کاتێک فێری بوویت، دەتوانیت بچیتە سەر ئەم ستراتیژیانەی خوارەوەی سودۆکو.

## ٩.تەکنیکی (دوو ژماری شاراوە):

بە هەمان شێوەی تەکنیکی یەک ژمارەی شاراوە کاردەکات، تاکە شتێک کە دەگۆڕێت ژمارەی خانەکان و تێبینیەکانە، ئەگەر دوو خانە لەناو ڕیز، ستوون، یان بۆکسێکی 3x3 دا بدۆزیتەوە کە دوو ژمارەی بە تێبینی تێدا نووسراوە لە هیچ شوێنێکی دەرەوەی ئەو خانانە دەرناکەوێت، ئەوا ژمارەی ڕاستی ئەو دوو خانەیە هەریەکەیان یەکێکە لەو دوو ژمارەیە، ئەتوانی هەموو تێبینیەکانی تر لەم دوو خانەیە بسڕیتەوە.

بۆ نموونە:




با سەیری ئەم بۆکسە بکەین بە تێبینیەکانیەوە و بەدوای ژمارەکاندا بگەڕێین کە کەمتر لە تێبینیەکاندا بدۆزرێتەوە لە چاو ئەوانی تر، تەنها دوو خانە ژمارە ٢ و ٦ یان تێدایە، کەواتە یەکێکیان پێویستە ٢ لەخۆ بگرێت و ئەوەی تریش ٦، دوای ئەم ئەنجامە دەتوانرێت ژمارەی زیادە لە ڕەشنووسەکاندا بسڕدرێتەوە بۆ ئەوەی سەرلێشێواوی دروست نەبێت.

## ١٠.تەکنیکی (سێ ژمارەی شاراوە):

تەکنیکی "سێی ژمارەی شاراوە" زۆر لە تەکنیکی "دوو ژمارەی شاراوە" دەچێت و لەسەر هەمان چەمک کاردەکات، کاتێک ئەتوانی بەکاری بهێنیت کە سێ خانە لە ڕیز، ستوونی، یان بۆکسێکی 3x3 هەمان سێ تێبینییان تێدابێت، ئەم سێ خانەیە تێبینی ژمارەی تریشیان تێدایە کە دەتوانرێت لێیان بسڕدرێتەوە.


تێگەیشتن لەم تەکنیکە ئاسانتر ئەبێت ئەگەر سەیری نموونەکە بکەین:



سەیری خانە دیاریکراوەکان بکە، تەنها سێ خانە هەن کە ژمارە دووبارەبووەکان لەخۆدەگرن ٥ و ٦ و ٧ ، ئەمەش واتە هەریەکێک لەم ژمارانە دەبێت لە هەریەک لەم خانانەدا دابنرێت، لەو خانانەدا جگە لەو سیانە هیچ ژمارەیەکی تر لەخۆناگرێت واتە ٥ و ٦ و ٧ ناتوانرێت لە هیچ خانەیەکی تری ئەم بۆکسە 3x3 دا دابنرێت، دوای ئەمە ئەتوانی ژمارە زیادەکان لە تێبینی ئەم سێ خانەیەدا بسڕیتەوە.

## ١١.تەكنیكی (دوو ژمارەی ئاڕاستەكراو):

تەكنیكی دوو ژمارەی ئاراستەكراو كاتێك بەكاردەهێنرێت كە دووجار تێبینیەك لە بۆكسێكدا هەبێت و ئەو تێبینیە سەر بە هەمان ڕیز یان ستوونیش بێت، واتە ژمارەیەك دوو جار بەتێبینی لەسەر هەمان ئاڕاستەی خانەیەكی تر نووسرابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە كە ئەو ژمارەیە بێگومان لەیەكێك لەم دوو خانەیەدایە واتە ناكرێت لە ئاڕاستەی سەر هەمان ستوون یان ڕیز هەمان ژمارە بوونی هەبێت، بۆیە ئەگەر بەتێبینی نووسراوە لە سەر هەمان ئاڕاستەی ئەم دوو خانەیە ئەتوانیت بیسڕیتەوە، با سەیری نموونەكە بكەین:




با سەیری بۆكسە دیاریكراوەكە بكەین، هەموو ئەو خانانەی كە ڕەنگە ژمارە ٤یان تێدابێت لە یەك ستووندا بە تێبینی نووسراون، لەبەر ئەوەی ژمارە ٤ دەبێت لانیكەم جارێك لەم بۆكسەدا دەربكەوێت، بۆیە بە ناچاری و بێگومان یەكێك لە خانە سێبەركراوەكان ژمارە ٤یان تێدایە، بۆیە دەتوانین بە سەلامەتی هەر 4ێك بە تێبینی نووسراوە لە هەموو خانەكانی ئەم ستوونە بسڕینەوە.

لەبیرت بێت دەتوانیت هەمان شت بۆ بۆكس و ڕیز و ستوونەكان بكەیت.


## ١٢.تەکنیکی (سێ ژمارەی ئاراستەکراو):

بە هەمان شێوەی تەکنیکی پێش خۆی کار دەکات، ئەگەر ژمارەیەک لە سێ خانەدا بە تێبینی نووسرابوو و لەخانەکانی تردا نەبوو کەواتە بێگومان ئەو ژمارەیە لە یەکێک لەو سێ خانەیەدا هەیە ، بۆیە ئەو ژمارەیە لە هەر تێبینیەکی تردا لەسەر هەمان ئاڕاستە نووسرابوو ئەتوانین بیسڕینەوە.




## ١٣.تەکنیکی (X-Wing):

"X-Wing" تەکنیکێکی پێشکەوتووی سودۆکوە کە پشت بە دوو ڕیزی هاوتەریب یان دوو ستوونی هاوتەریب دەبەستێت، لێرەدا نابێت گرنگی بە بۆکسەکانی 3x3 بدەیت چونکە بەشدار نین لەم ستراتیژیەدا، تێگەیشتن لەم تەکنیکە ئاسانتر دەبێت ئەگەر سەیری نموونەکە بکەین:



با سەیری ئەو دوو ڕیزە بکەین، دوو خانە هەیە هەریەکەیان تێبینی ژمارە ٤ لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی ژمارەکانی ٤ ناتوانرێت لە هەمان ڕیز یان ستووندا دووبارە بکرێنەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین وا دابنێین کە ژمارەکانی ٤ بە شێوەی لار و زەربی دادەنرێن، یان لە خانە شینەکاندان یان لە مۆرەکاندا.




ئێستا با نزیکتر ببینەوە و ئاوڕێک لە ستوونە بەشداربووەکان بدەینەوە، بەو پێیەی 4ـەکان بە ئەبێ بە زەربی هەبن مانای وایە کە یەک ٤ لە هەریەکێک لەم ستوونانەدا دەبێت، ناتوانین جارێکی تر بینووسینەوە،

کەواتە بە دڵنیاییەوە دەتوانین ژمارە ٤ لە هەموو تێبینیەکانی دیکەی ئەم دوو ستوونە بسڕینەوە (ئەوانەی بە سوور نووسراون).

# باشترین ئاپ و بەرنامە بۆ یاری سودۆکو کامەیە؟

بێگومان لەسەر هەموو سیستەمەکانی کارپێکردنی مۆبایلە زیرەکەکان یاری سودۆکو بەردەستە و تەنها بە سێرچ کردن و گەڕان بۆی لەهەرکام لە کۆگاکانی:
(Google play store, App Store)
دەست دەکەوێت و ئازادی هەرکامیان بەکارهێنیت بەڵام ڕەنگە باشترینیان ئەمەیان بێت کە بۆت پێشنیار ئەکەم و سەر بە کۆمپانیای ئیزی بڕەین ـی بەناوبانگە و لەهەر دوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس بەردەستە:




## (بەهیوای سوود)

٢٠٢٤\٤\٣٠